## پێشەکی:

مەتەڵ وەك بەشێكی گرنگی ئەدەبی سەرزاری رۆڵێكی گرنگی لە زاخاودان و ورياكردنەوە و فەلسەفەی بيری سەرەتايی لە رامان و بيركردنەوە لە شتە شاراوەكان بە مەبەستی تێگەيشتن و هەڵهێناندا بينيوە. سەرباری ئەوەی لە رووی هونەری رروونبێژی و جوانـــبێژی و واتا بێژيدا بەرزيی رەسەنايەتی زمان و كەلەپـــووری كـــوردی دەرخستووە و زمـــانی كـــوردی لە وشەگەليدا دەوڵـــەمەند كـــردووە. لە رووی ناوەرۆكيشەوە لايەنی ژيانی دێـــرينی نەتەوەكەمانی لە هەموو روێكی وەك: ئاين، كۆمەڵايەتی، سياسی، رۆشنبيری، ئابووری رەنگی داوەتەوە.

كتێبی(**بەركوتێكی مەتەڵی فۆلكلۆری كوردی**) بەرهەمی كاك(**سەدرەدين نورەدين**)ە كە رەنج و كۆششێكی زۆری چەندين ساڵەی داوە تا ئەم بەرهەمەی كۆكردۆتەوە و ساغ و پۆلين و شیكردۆتەوە و بە شێوەيەكی بابەتييانە سێ بەرهەمی سێ نووسەری كوردی لەم بوارەدا وەك:-(ئۆرخانی غالب، رۆستەم باجەلان، حەمەی مەلاكەريم)ی هەڵسەنگاندوە و راو بۆ چوونی خۆی دەربڕيوە

ناوبـــراو نـــرخ و بەهای فـــۆلكلۆری گەلەكەی بە چـــاكی زانيووە و يەكێكە لە خەمخۆرانی ئەو مەيدانە كە بە چاوێكی قەدرزانينەوە دەڕوانێتە كەلەپـــووری كـــــورد و ئەدەبی هاوچەرخی كـــــوردی لە سەر بناغەی فــــۆلكلۆرەكەی بەستۆتەوە، بەمە پتر رەسەنايەتی و كەسايەتيی كورد و پێشكەوتن و داهێنان و جوانكاريی سەردەمەكەی تيا بينيوەتەوە،بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە پاشەڕۆژی فۆلكلۆری كوردی و بايەخ پێدانی لە لايەن دامودەزگا حكومييەكان و ناسينی فۆلكلۆری كوردی بە جيهان ...

ئەم کارەی کـــاك ســـەدرەدیـــن خـــۆی لە خۆیدا بیرکردنەوە لە هەڵهێنان و هەڵسەنگاندنیان و رەوانی و جوانکاری دەقەکان ئاسان و روونتر دەخاتە روو... هەر بۆیە دەست خۆشی لەم کارە ئەکادیمییەی دەکەین و بە هیوای بەردەوامی لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەشەکانی‌تری فۆلکلۆری کوردی و بە چاپ گەیاندنی بۆ دەخوازین، هەر سەرکەوتووبێ...

پ. د .شوکریە رەسووڵ ئیبراهیم

٢٠٠٤/٨/٨